هەفتەی داهاتوو شایستەی دارایییەکانی کارمەندانی پرۆسەی سەرژمێری دابەشدەکرێت

بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ڕایگەیاند؛ ڕۆژی دوشەممە (2025/1/20) شایستەی دارایییەکانی کارمەندانی بەشدار بوی مەیدانی پرۆسەی سەرژمێری گشتی دانیشتوان بە ساڵی (2024) دابەشدەکرێت.

ڕونیکردوەتەوە، لە ڕێگەی لیژنەی دابەشکردنی موچەوە، لە تەواوی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەو ئیدارەی گەرمیان و ناپەین دەستدەکرێت بە پێدانی موچە و میوانداری بەشداربونی خولەکان.

ئەوەیخستوەتەڕو، موچەی مانگێک لە (250) هەزار دینار پێکهاتوە، بەڵام بەی دو هەزار دیناری وەك ڕوسومان لەبەینی هەیە و دەگەڵنرێتەوە بە بەغداد، هەروەها بژمێرکە بەی (80) هەزار دینار شایستەی بەشداریکردنی هەشت ڕۆژی خولەکانی ڕاهینانیش وەردەگرێت.

بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ئاماژەی بە ئەوەشکردوە، بە وەرگرتنی شایستەی دارایییەکان, دەبێت کەسی وەرگر؛ ئەستێپاکی پێدانەوەی تابلێت و کۆپی پێناسی باری شارستانی یان کارتی نیشتمانی لەگەڵ خۆی بهێنێت و پۆیستیشە کەسی وەرگری شایستەکە خۆی ئامادەبێت.